# دادگای نایاسایی و حوکمەکانی، دەبێ بدرێتە دادگای یاسایی و عادلانەی جەماوەری!

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

هەواڵی حوکمی30 ساڵ زیندانی بەسەر دکتۆر کەمال سەید قادردا لە زمانی خوشکەکانی دکتۆرکەمال لەڤووری "کوردستان یونایتد"لەسەر تۆری پاڵتاك سایتی "بۆپێشەوە"دا بلاوکرایەوە، ئەم هەواڵە چ راست یان ناراست بێت و چ مانۆریکی سیاسی پارتی لەگەمەی ژیرپینانی ئازادی سیاسی و رادەربریندا بیت، بۆ خەڵکی هوشیارو لایەنی سیاسی جدی جوت لەگەڵ خواستەکانی خەڵکی کوردستاندا، هەم راچڵەکێنەرو هەم چاوەڕوانکراو بوو.

ڕاچڵەکێنەربوو بەومانایەی کە دکتۆر کەمال تەنها بەتۆمەتی هێرش بۆسەر بەرپرسانی پارتی وبریندارکردنی!! کەسایەتیەکانی بنەماڵەی بارزانی لە ڕێگای نوسینەوە 30 ساڵ حکومدراوە، حوکمی لەوبابەتە لە دنیای واقعیداو لەدنیایەکدا کەیاسا مانای پەیاکردووە بیوێنەیە، تەنانەت ڕژێمە هەرە دیکتاتۆرەکانی دنیا حوکمی ئەبەدیان هەیە، حوکمی 20 ساڵی هەیە، لەژێر شکنجەدا گیان کێشانیان هەیە، لە پیلانی داڕێژراوی بانەمافیایەکانیاندا تیرۆرکردنیان هەیە، .......بەڵام ئەمانەبەسەر کەسانێکدا ئەدەن کە دەسەلآتی سیاسیان کردبێتە نیشانە، لەگەڵ هێزێکی مخالف بەدەسەلآتبن و جەنگابن، .....تاد، دکتۆر کەمال نە جەنگاوەرێك بووە لە جەنگدا بەدیلگیرابێت، و نە دەسەلآتی سیاسی خستۆتە بەردەم هەڕەشەو نە ڕابەری هێزێکی سیاسی لەحاڵەتی شەڕدا بووە لەگەڵ دەسەلآت، .........تاد، بەڵکە تەنها بەتۆمەتی نوسین و ڕەخنەگرتن لە چەند کەسایەتیەکی پارتی 30 ساڵ حوکمی بەسەردا دراوە، ئەمە راچڵەکێنەرە.

چاوەڕوانکراویشە ئاخر خۆ مێژووی زیاتر لەپانزە ساڵی ڕابردوی کۆمەڵگای کوردستان، ڕوداوی زۆرلەوەی گەورەتری بەخۆیەوە بینیوە، پێشلەشکری پارتی ویەکێتی بینیوە بۆ ڕژێمە چنگ بەخوێنەکانی ئێران وتورکیا بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وولآتانە، ئاودانی ئیسلامی سیاسی وبەهیزکردنیانی بینیوە، کەلەپارچەکردنی دیلی بینیوە، لستێك لەتیرۆری سیاسی بینیوە، تیرۆری خەڵکی چەپ و پێشکەوتنخوازو نوسەرانی ئازادیخوازی بینیوە، تیرۆری ئابوری کۆمەڵگای بینیوە، هەمووڕۆژێك سەرکوتی داخوازیەکانی جەماوەری و کوشتاری ڕابەرانی بینیوە، کارکردن بەیاساکان بەعسی تائەم ساتەوەختە بینیوەوکە تائێستاش کاری پێدەکرێت، ئەمانە هەموویان لە ڕفاندنی دکتۆر کەمال و حوکمدانەکەی ئەو گەورەترن، بۆیە نەسەیرەو نە ناچاوەڕوانکراو بوو.

لەوانەش بترازێت لەکوردستان شتێك نی یە ناوی یاسا و حکومەت بێت، ئەوەی کەهەیە دەسەلآتی دوو هێزی چەکدارە، کەبەزۆری چەك وبەخۆبەستنەوە بەوولآتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو سیاسیەتە مەرگچێنەکانی ئەمریکاوە خۆی ڕاگرتووەو دەسەلآتی خۆیان داسەپاندووە.

بڕیاری بەناودادگای پارتی نەك هەر یاسایی نیە، بەڵکە ڕێك نیشانەی پڕاوپڕی ئەودەسەڵاتە میلیشیایە کە پارتی و یەکێتی پانزە ساڵە لەلایەکەوە لەڕێگای بەبارمتەگرتنی پارەی دەمی خەڵکی و لوشدانی داهاتەکانی کوردستان، لەڕێگای سەرکوتی سیاسی و ئازادیەکانەوە دەسەڵاتیان بپارێزن کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجی نیمچە ئاوەڵای سیاسی کوردستان کە بەرهەمی راپەرینی ساڵی 1991 بووە، بکەن و ئاسەوارێك لەدەنگی ناڕازیان و پێشکەوتنخوازان نەهێڵێن.

خەڵکی پێشکەوتنخواز لەهەر شوێنێك هەن دەبێ لەبەرامبەر بەو بڕیارە دژی ئینسانیەدا بێنە مەیدان و ئەم حوکمی دارستانە هەڵبوەشێنەوەو ئەم دەسەڵاتە میلیشیایە بکێشنە بەردەم دادگای جەماوەری خۆیان، بۆ دادگایکردنیان لەسەر ئەم هەموو تاوانانەی ئەنجامیانداوەو ئەو دزی و ڕاوروتە ئاشکرایەی ئەوسەرەکەی دیار نیە.

دەبێ ڕۆشنبیرانی پیشکەوتنخوازو خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیە بزانن، کە باسی دادگای عادلانە لە جغرافیایەکدا کە دەوڵەت نیە و حکومەت نیە، جگە لە کاریکاتۆرێك زیاتر هیچی تر نیە، هەروەها باسەکە لەسەر ئەوەش نیە کە حوکمەکە 30 ساڵە، تەنانەت یەك ڕۆژ ئینسان نابێ لەسەر نوسین و ڕەخنەگرتن بکەویتە بەردەم هەرەشەو ڕفاندن و حوکمدان و زیندانی.

نائاساییترین حاڵەت ئەوەیە کە خەڵکێك داوای کەمکردنەوەی حوکمەکە یان باسی دادگایی عادلانە بکات، یان بەوە خۆی نارەحەت بکات کە حوکمەکە قورسە، بەپێچەوانەی ئەمەوە دەبێ هەموو کەسێکی پێشکەوتنخوازو ئینساندۆست داوای دەست بەجێ ئازادکردنی دکتۆر کەمال بکەن و خواستی ئازادی سیاسی و بیروباوەڕو ڕادەربرین بسەپێنن، وەهاوکات کەمەری خەباتکارانەیان بۆ جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکولاری غەیرە قەومی کە یاسا تیایدا مانای هەبێت و کۆتایی بەدەسەڵاتی میلیشیای بێت، توند بکەنەوە. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە دەتوانێت بەر بگرێت لەوەی دکتۆر کەمالەکان لەسەر قسەکردن و نوسین و زیندانی بکرێن و بەکرعەلیەکان لەسەر خۆپیشاندان بۆ خانەو لانە گوللە باران بکرێن و نەزیر عومەرو فەرهاد فەرەج و شاپورو قابیلەکان و .... تیرۆربکرین و یاسای دارستانی دەسەڵاتی میلیشیایی کۆتایی پێبهێنێت.

2005-12-20